IB-Saiwani Beratender Ingenier
Dr. – Ing. Asso Saiwani
Nordhauser Str. 19, 10589 Berlin

Statik | Planung | Bauleitung | Gutachten

## تێچوونی کاتی پێویست بۆ وەرگرتنی ئیجازەی خانوو Duration of the Building Permission

ماوەی وەرگرتنی ئیجازەی خانووسروستکردن بەستراوە بە پێشکەشکردنی تەواوی نووسراو و نەخشە و داواکاریەکانی ترەوە، کە لە لایەن شارەوانیەوە داوائەکرێن.
ئەگەر داواکاریەکانی پەیوەست بە وەرگرتنی ئیجازەکە بە تەواوەتی لە لایەن داواکاری ئیجازەکەوە خرانە بەردەم شارەوانی، ئەوا شارەوانی ئەبێت لە ماوەی **یەک مانگدا**، ئیجازەی دروستکردنی پڕۆژەکە بدات بە داواکارەکەی.
ئەگەر لەم ماوەیەدا ئیجازەکە نەدرا، مانای ئەوەیە کە مۆڵەتی دروستکردنی پڕۆژەکە لەبەردەمدایە و ئەتوانریت ئەنجام بدرێت، ئەگینا ئەگەر پڕۆژەکە کەموکووڕی هەبووبێت، لە لایەن شارەوانیەوە زۆر بەزوویی ڕەت ئەکرایەوە.
دوای وەرگرتنی ئیجازە، خاوەن پڕۆژە ئەبێت لە ماوەی شەش مانگدا پڕۆژەکەی دەست پێبکات و ئەگەر نەیکرد دوای تێپەڕبوونی یەک ساڵ، مافی ئیجازەکە ئەفەوتێت.
ماوەکەش ئەتوانرێت بە نووسراوی تایبەت بۆ شارەوانی لەسەر داخوازی خاوەن پڕۆژە، بۆ ماوەی چوار ساڵی تر درێژ بکرێتەوە، بەمەرجێک خاوەن پڕۆژر دوای تێپەڕبوونی سەش مانگ بەسەر وەرگرتنی ئیجازەکەیدا، بناغەی بیناکەی دروستکردبیت. ئەم ڕێنماییەش لە 38§ی یاسای ژمارە 44/1935 دا جێگیر کراوە.

لەبەر ئەوەی یاساکانی بیناسازی لە باکووری عێراق زوو زوو ئەگۆڕێن و جێبەجێ ناکرێن، کێشە دروستئەبێت، ئەگەر هاتوو پلانی دروستکردنی پڕۆژەیەک لە نێوان وەرگرتنی ئیجازەی دروستکردنی پڕۆژەکە و دەستپێکردندا پێی، بەهۆی گۆڕانکاری لە یاساکانی بیناسازیدا، نەتوانرێت ئەنجام بدرێت یان دوا بکەوێت.
ئەم کێشانەش بە تایبەتی لەو ناوچانەدا سەرهەڵئەدەن، کە شارەوانی پلانی تەفصیلی ناوچەکەی دانەڕشتووە و کار بە یاسا و ڕێنمایی کاتی ئەکات بوکارووباری دروستکردنی خانوو بینا لەو ناوچانەدا.

Saiwani